# وێنەی جەستە و پەیوەندی بەگێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2023)

**شەهێن ڕەئوف عەولا [١]، داڵیا هاشم عوسمان [٢]**

[١،٢] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییەلە زانینی ئاستی وێنای جەستە و ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لەلای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها زانینی پەیوەندی لە نێوان وێنای جەستەو گێچەڵی ئەلیکترۆنی وە ئاشکرا کردنی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنای جەستەو بەپێی هەندێ گۆڕاوی دیمۆگرافی ( ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش) بە هەمان شێوە زانینی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گۆڕاوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز،کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش)، ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی پەیوەندی بەکارهێنراوە، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە دەگونجێت، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتیبوو لە (1150) خوێندکار، نمونەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (150) خوێندکار لە زانکۆی کۆیە لە فاکەڵتیی پەروەردە، پێوانەی (وێنای جەستە) لەلایەن ( (فیض الله،٢٠٢٣) و پێوانەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لەلایەن(حمدامین، ٢٠٢٢) بونیاد نراوە، ئامرازی توێژینەوەکە دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری دابەشکرا بەسەر نمونەی توێژینەوەکە، هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکان و شیکردنەوەی داتاکان تەکنیکە ئامارییەکانی(ناوەند و لادانی پێوەری، ئەزمونی تائی بۆ یەك گروپی سەربەخۆ، ئەنۆڤا، هاوکێشەی پەیوەندی پیرسن) وە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە دەرکەوت خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە وێنای جەستەیان لا پەسەندە، جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی بەدیناکرێت بە گوێرەی وێنای جەستەو گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەش). ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای نمونەی توێژینەوەکە بەرزە، و جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی بەدیناکرێت لە گێچەڵی ئەلیکترۆنی و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بەش). لە کۆتاییدا لە ژێر ڕۆشنای ئەنجامەکاندا چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێك خراونە ڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** وێنەی جەستە، گێچەڵکردن، گێچەڵی ئەلیکترۆنی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەراسانکردن.

## ١. پێشەکی [1]

جەستە ئەو بەشەی کە دیارە و لەلایەن دەوروبەرەوە دەبینرێت لای مرۆڤەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕازیکردنی تاك لەسەر خودی خۆیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەوروبەریان هۆکارێکی گرنگیشە بۆ هاوسەنگ کردنی هەڵچونەکانی لەبەرئەوە بە شتێکی ئاسایی دادەنرێت، هەر تاکێك هەوڵبدات بە و شێوەیە وێنای جەستەی بنوێنێ کە ڕەزامەندی بۆ دروست بکات و لەگەڵ پێوەرە نمونەیەکانی گۆمەڵگاکەی بگونجێت بەمشێوەیەش ئەم بابەتە وای لێدەکات لە خۆی ڕازیبێت و دەبێتە پاڵنەرێك بۆ وێنایەکی ئەرێنی لەسەر کەسێتی خۆی،لە کاتێکدا تاك ڕازیبوونی هەبوو لە وێنای جەستەی دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ بەرزی ئاستی متمانە بە خۆبوون، بەشداریکردنی کارا لە ئەو چالاکیانەی لە دەوروبەری تاك دا بەڕێوە دەچێت و توانای هەڵگرتن و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، وێنەی جەستە لە تێڕوانینی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، چونکە وێنەی جەستە دیاردەیەکی دەرونییە، هۆکاری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەری هەیە، بۆ ئەوەی بە تەواوی لێیتێبگەین، پێویستە تەنیا سەیری ئەزمونی تاکەکان لە پەیوەندی بە جەستەییانەوەنەکەین، بەڵکو لە سنوری ئەو ژینگە وکەلتورەش کە تاك تێیدا کار دەکات لێکدانەوەیەك بۆ وێنەی جەستە بەرهەم بهێنرێت، لە کارلێککردن لە نێوان هۆکاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا دەناسرێتەوە (Grogan,1992:2) دەرونزانی ئەمریکی بە ڕەچەڵەك نەمساوی پ .شیلدر (Schilder Paul Ferdinand١٩٤٠-١٨٨٦) یەکەم کەسە کە لە ساڵی (١٩٣٥) ئەم چەمکەی بەکارهێناوە بە بڕوای ئەو وێنەی جەستە (بریتییە لە وێنەیی مرۆڤ بە شێوەیەکی عەقڵی دروستی دەکات، بە مانای بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی ئەو شێوازەی کە جەستەی پێییەوە

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٩، ژمارە ١ (٢٠٢٦)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٦ کانونی دووەم ٢٠٢٥؛ پەسەندکردن: ٢٠ شوبات ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١ ئادار ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: shahen.rawf@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٦ شەهێن ڕەئوف عەولا، داڵیا هاشم عوسمان، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp155-166

دەردەکەوێت). هەموو کەسێك وێنەك دەربارەی جەستەی خۆی دروست دەکات، ئەم وێنەیە تەنها کورت نابێتەوە بۆ وێنەی جەستە وەك لایەنە تویکارییەکەی یان وەك ئەوەی مرۆڤ درکی دەکات، بەڵکو لایەنێکی سایکۆلۆجی قوڵتر لە خۆ دەگرێت، کە بەهۆییەوە چەمکی خود و هەستی خود (هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی، ڕازیبوون و ڕازینەبوون ...) دروست دەبێت واتە وێنەیەکە لە بنەمادا لە لایەنی دەروونییەوە دروستکراوە . هەرچەندە ئەم وێنەیە وێنەیەکی خودییە، بەڵام بەشێکی گەورەی پەیوەندی بەژینگەی کۆمەڵایەتی و بەشداری ئەوانی دیکەوە هەیە . واتا لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیەوە هەریەکە لە جەستە و کەسێتی و ژینگەی دەرەکی (کۆمەڵگا) ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەم وێنەیە هەیە(بليسعي، ٢٠٠٩:٤٦).

گێچەڵکردن وەکو گۆڕاوێک لە ساڵانی حەفتاکانی سەدی ڕابردو گرینگی پێدراوە و توێژینەوەی لەسەرکراوە و بۆتە جێگەی بایەخ وگرینگی پێدانی زۆربەی وڵاتان، جێگەی تێبینیە، کە شێوەکانی گێچەڵکردن لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و سەرهەڵدانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر پەرەییان سەندووە وەك فیسبوك و تویتەر و ئینستاگرام و تۆرەکانی تر، بەهۆی خراپی بەکارهێنان و نەبوونی سانسۆر لەلایەن هەندێك لە بەکارهێنەرانەوە گێچەڵی ئەلیکترۆنی دەرکەوت، کە بۆتە مەترسی بۆسەر بەشێکی کۆمەڵگا (بيسوني و الحربي، ٢٠٢٠: ١٢٥). توێژینەوەکان دەربارەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە سەرانسەری جیهان ئەوەیان سەلماندووە گێچەڵی ئەلیکترۆنی ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە وەك ئەو توێژینەوەی میچل و یبارا لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ٢٠٠٦ کراوە کە لەسەر ٥کەس کە ئینتەرنێت بەکار دەهێنێت بەشدارن لە هێرشکردن ٤٪ ڕوبەڕوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی دەبێتەوە،وە هەمان ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکەی (Hinduja and Patchin,2008: 135) لەسەر هەرزەکارانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ بوو، کە ڕێژەی لە ٣٢٪ نێر و٣٦٪ مێ دانیان بەوە دانا کە وەك قوربانی هێرشی ئەلیکترۆنی کراونەتە ئامانج(محمد،٢٠١٩: ١٨٧).

## کێشەی توێژینەوەکە :

وێنای جەستە تایبەتمەندیەکی کەسایەتیە و گرینگی خۆی لەسە هەر تاکێك هەیە، توێژەران پێیانوایە زۆرجار وێنای جەستە هۆکارێکە بۆ هەست بەکەمی و گۆشە گیری و بەشداری نەکردن لە کارو چالاکی و وەرنەگرتنی بەرپرسیارییەتی، چونکە تاکەکە وێنای جەستەیی خۆی پێ شیاو نییە، وا گریمان دەکرێت ئەمڕۆ لە هەر کاتێك زیاتر وێنای جەستە بۆتە مایەی کێشە بۆ تاکەکان بە گشتی و خوێندکارانی زانکۆ بەتایبەتی، چونکە ئەوەی ڕۆژانە بەبەرچاوی خۆمانەوە دەیبینین خوێندکاران بە شێکی زۆریان نەشتەرگەری جوانکارییان کردوە، بەشێکی تریشیان دەستکاری وێنای سروشتیی خۆیان کردوە جا بە دانانی چەوری بێت بۆ ڕوخسار یان دانانی (فلەر و بۆتۆکس) ئەمە جگە لەوەی زۆرێکیان تاتۆیان کردووەو بە شێکی زۆری تریشیان (مەیك ئەپ)ێکی زۆر بەکار دەهێنن، لە جیاتی گرینگی دان بە بواری زانستیی، توێژەران وایدەبینن فێرخوازانی زانکۆ لە ئێستادا ئەوەندەی لە مۆدیلی جل و بەرگ و شێوازی دەرەوە لاسای یەکتر دەکەنەوە ئەوەندە لە بواری ئەکادیمی لاسایی یەکتر ناکەنەوە، لەمبارەیەوە توێژینەوەی (هاوکاتالدۆ و هاورێکانی،2021) بە چەند ئەنجامێك گەیشت بریتیبوون؛ لە زۆرێک لە گەنجان گومانیان لە خۆیان هەیە و وێنەی خۆیان لاخراپە ومتمانەیان بەخۆیان نییە، هەمیشە سەیری کەسانی تر دەکەن و خۆیان بە کەسانی تر بەراورد دەکەن. زۆرێکیشیان هەست بە نەرێنی بەرامبەر بە خۆیان دەکەن ، وێنەی جەستەیان زۆر نزمە و زۆربەیان دەیانەوێت وێنەیی جەستەیان باشتر بێت لەوەی ئێستا هەیانە (Cataldo, et al ,2021: 11-14). لەلایەکی ترەوە گێچەڵ دیاردەیەکی مەترسیدارە و لە دێرزەمانەوە لە زۆربەی کۆمەڵگاکان لە جیهاندا بەربڵاوە و هەیە، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم دیاردەیە تایبەت نییە تەنیا بە توێژێکی کۆمەڵگا بەڵکو تەواوی چینە جیاوازەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە چەندین جۆری هەیە، وەك گێچەڵی زمانەوانی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیی و پەیوەندییە کەسییەکان و ئەلیکترۆنی و دەرونی و خوێندنگەیی و پیشەیی و خێزانی و سیاسی، ئەوەی دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر گێچەڵی ئەلیکترۆنییە، کە لە سایەی تەکنەلۆژیا زۆر بەربڵاو دەردەکەوێت، ئاشکرایە تەکنەلۆژیا بۆتە پێویستیەکی سەرەکی لە ژیانی هەر تاکێکماندا، چونکە جێبەجیکردنی کارەکانمان و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانمان بە بێ تەکنەلۆژیاو ئەنتەر نێت کارێکی زەحمەت و ماندو کارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە ئاڕاستەی پێچەوانە تەکنەلۆژیا یان ئینتەرنێت بەکار بهێنرێت دەبێتە مایەی گرفتی دەرونی و ئازار بۆ تاکەکان. دروستکردنی هەژمارێکی وەك (فەیسبوك، ماسینجەر، انستاگرام، ڤایبەر، یان هەر ئەژمارێکی تری پەیوەندیکردن) لە ڕوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەدەستخستنی زانیارییەکان لە باری ئاسای خۆیدا ڕادەی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك و سود وەرگرتن بێت بۆ خاوەنەکەی، هەر ئەم ئەژمارانە ئەگەر بە شێوەیەکی ساختە دروستبکرێن و ببنە مایەی هەرەشە بۆسەر ژیانی کەسێك و ببێتە هۆکاری گێچەڵی ئەلیکترۆنی، گێچەڵی ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی دور مەودای لەسەر تاکەکان بەگشتی بە جێدەهێڵێت، خوێندکارانی زانکۆ چینێکی گرنگی کۆمەڵگان لە کاریگەریی ئەم شەپۆلە بەهێزەی تەکنەلۆژیان لەسەرە و لێکەوتەی خۆی بەجێدەهێڵێت، هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کاریگەرییەکانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی دەکرێت درێژخایەن بن لەسەر قوربانییەکە، چونکە ئەو خوێندکارانەی قوربانی گێچەڵی ئەلیکترۆنین، بەدەست توانا کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە خراپەکانەوە دەناڵێنن و کەسانێکن کەمترین گونجانیان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و کێشەیان لە دروستکردنی هاوڕێی تازە هەیە و کەمتر پشتگیریی کۆمەڵایەتی وەردەگرن بە بەراورد بەوانەی ڕوبەڕوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی نابنەوە، ئەو خوێندکارانەی قوربانیی ڕەفتاری گێچەڵی ئەلیکترۆنین شارەزایی و کارامەیی پێویستیان نییە تا داوای هاوکاری لە کەسانیتر بکەن تا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، هەروەها ئامارەکان ئاماژە بەوەدەکەن لە چەند ساڵی ڕابردو ڕەفتاری گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە ناو خوێندکارانی زانکۆدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی پەروەردە بەگشتی و دەستکەوتی ئەکادیمی بەتایبەتی هەیە (بن سعيد وعبدالقادر، 2023 : 50) لە توێژینەوەی (حمدامين،2022)دا، لەسەر خوێندکارانی زانکۆ کرا بوو لە شاری کۆیە ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرزە (Jacob,2017: 16). هەروەك لە توێژینەوەی(البيرقدار والدوي,2022) کە لە شاری موسڵ توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ دیاریکردنی ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی بەشەکانی ژمێریاری بۆیان دەرکەوتبوو گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە نمونەی توێژینەوەکەیان لە ئاستێکی بەرزدایە ، هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران توێژەران وەك کێشەیەك سەیری دەکەن و هانیدان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی (ئایا وێنای جەستە پەیوەندی هەیە بە ئەنجامدانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی زانکۆ ؟).

**گرینگی توێژینەوەکە:**

ئەنتەرنێت لە دەزگا ئەکادیمییەکان خزمەتگوزاری فراوان و هەمەجۆر لە دەستکەوتنی زانیاری و سەرچاوەی باوەڕپێکراو ناردنی فایلەکان و خوێندنی وانەکان بەشێوەی ئۆنلاین لە ڕێگای پلاتفۆرمەکانی(زوم، گۆگڵ میت)پێشکەش دەکات، هەروەها دۆزینەوەی هاوڕێ لەچوارچێوەی یەك کەلتور و کەلتورە جیاوازەکانی جیهان ئاسان دەکات، ئاڵوگۆڕی بیرۆکەو پرسیار لەیەکتر کردن لەنێوان بەکارهێنەران لەسەر بابەتە نارونەکان دەکات، زۆرجار دیوێکی تری هەیە، دەبێتە مایەی گێچەڵ و بێزارکردنی ئەوانی تر(الحربي,2016: 21). گێچەڵ بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتاری شەرخوازییە بە شێوەی زیانگەیاندنی دوبارە بەرامبەر تاکەکان ئەنجامدەدرێت .Langos, 2012, p) (285.گێچەڵی ئەلیکرۆنی بەراورد بە گێچەڵە کلاسیکیەکان ئاسانترە, چونکە لە ڕێگای ئامێرێکی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدرێت گێچەڵکار هەر کات بیەوێت دەتوانێت خۆی بشارێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە ڕەفتاری گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە نێوان بەکارهێنەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بێت و بەردەوام ڕو لە پەرەسەندن بکات (Akbulut and Eristi,2011: 27). گێچەڵی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە لادانەکان و پراکتیزە دەکرێت لەلایەن گێچەڵکارانەوە لەڕێگای ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان ئەنجامدەدرێت، لەبەر بەربڵاوی بابەتەکە سەرنجی توێژەرانی بەلایخۆیدا ڕاکێشاوە، چەندین توێژینەوەی لە بارەیەوە ئەنجامدراوە، توێژینەوەی(محمد،2019) لەسەر دیاردەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی ئامادەیی بۆی دەرکەوتبوو دیاردەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی ناوەند لای خوێندکاران بڵاوبۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە چەمکی خود وابەستەیە بەسەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ڕۆشنبیری و دەرونی و جەستەیی، ئەوەش زانراوە جەستە یەکێکە لەو بەشە گرینگانەی زۆرترین گرینگی پێدانی هەیە لەلای خوێندکاران، چونکە لەتەمەنی گەنجیدان، بیرکردنەوەی تاك سەبارەت بە جەستەو وێنای جەستەی بناغەیەکە لە دروستبوونی ناسنامەی(فرج،2005: 471).سەبارەت بە گرینگی وێنای جەستە لەلای خوێندکاران چەندین توێژینەوەی لەبارەوە کراوە لەوانەش توێژینەوەی ( Falth, et al) دەرکەوتبوو ئەو خوێندکارانەی گرفتی گران خوێندنەوەیان هەیە بەراورد بەخوێندکارە ئاساییەکان جیاوازی لەوێنەی جەستەیان هەیە، بەجۆرێك ئەو خوێندکارانەی گرفتی گران خوێندنەوەیان هەیە وێنەی جەستەکەیان نزمە( Falth, et al,2014: 17). لەتوێژینەوەی(حامد،2017) دەرکەوتوە تا بیرکردنەوە ئەرێنی بێت سەبارەت بە وێنای جەستە، گونجانی کۆمەڵایەتی بەرز دەبێت(حامد، 2017: 83).

**– بەدەر لەم شتانەی لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە بە کورتی گرنگی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵە دەخەینەڕو:**

1- لایەنی تیۆری تیشك خستنە سەر دو گۆڕاوی دەرونی کە گۆڕاوەکانی ( گیچەڵی ئەلیکترۆنی و وێنای جەستە یە.

2- لایەنی جێبەجێکردن لەسەر خوێندکارانی زانکۆ جێبەجێکراوە کە چینێکی زیندو و گرینگی کۆمەڵگان.

3- خزمەتکردنیەتی بە کتێبخانەی کوردی، چونکە بە زمانی کوردی توێژینەوەکە ئەنجامدراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1- زانینی ئاستی وێنەی جەستە لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی.

2- زانینی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنەی جەستە و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی ( ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش).

3- زانینی ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی.

4- زانینی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی وگۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش).

5- زانینی پەیوەندی لە نێوان وێنەی جەستەو گێچەڵی ئەلیکترۆنی.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری بابەتی: پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی (وێنەی جەستە و گێچەڵی ئەلیکترۆنی).

سنوری شوێنی: زانکۆیی کۆیە لەشاری کۆیە.

سنوری کاتی: ساڵی خوێندنی (2023-2024).

سنوری مرۆیی: خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردەیە لە دەوامی بەیانیان.

**پێناسەی زاراوەکان:**

**یەکەم/ وێنەی جەستە** Self image: تێڕوانینی تاکە بۆ جەستەی خۆی، هەروەها لایەنێکی گرینگی کەسایەتی تاک لە سەرکەوتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاکەکانی تر دیاریدەکات ، وە ئاماژەیە بۆ تەندروستی گشتی تاك دەکات.( :Vandenbos,2015) .956

**دووەم/ گێچەڵی ئەلیکترۆنی** cyber bulling: ڕەفتارێکی ئامانجدار و دوبارەکراوە لە دژی خوێندکارێک یان چەند خوێندکارێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە ئەنجام دەدرێت (مۆبایل، کۆمپیوتەر، کامێرای ڤیدیۆ، ئیمەیڵ، ماڵپەڕەکانی وێب، ...تاد) گێچەڵی جەستەیی، زارەکی، سێکسی یان دورخستنەوەی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت. (رفاعي و عبدالرحمن، :2020 180).

**پێناسەی ڕێککاری/** ئەو نمرەیە یە کە نمونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوانەکانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی و وێنەی جەستە کەلەم توێژینەوەیە بەکارهاتون.

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکانی پێشوتر:

### ٢. ١ چەمکی وێنەی جەستە(Body Image):

وێنەی جەستە وەك بنیادێکی دەرونی فرەلایەن سەیردەکرێت و بەرجەستەیە، واتە دەبینرێت و لە شێوە و قەبارە بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەم چەکە لە چوارچێوەی چەمکی هۆشیاری گەشەی کرد، لە بایەخدانی دەروناسی و کۆمەڵناسی بە وێنای جەستە، لە کاری پاول شیلدەر لەساڵی (١٩٢٠)ەکانەوە سەرچاوەی گرت .ئەو یەکەم توێژەر بوو، کە لە چوارچێوەیەکی دەرونی و کۆمەڵناسیدا سەیری ئەزمونی جەستەی کرد. پێش کارەکانی شیلدەر، توێژینەوەی وێنەی جەستەیی سنوردار بو بۆ توێژینەوە لە شێواوی هەستەکانی جەستە بەهۆی زیان گەیشتن بە مێشکەوە، (شیلدەر) گەشەی بەو کارەدا بۆ ئەوەی فراوانتر ڕەچاوی ئەو چواچێوە دەرونی و کۆمەڵناسییە بکەن ، کە تێیدا هەستەکان و ئەزمونەکانی وێنای جەستە ڕودەدەن، پاول شیلدەر لە کتێبی وێنە و دەرکەوتنی جەستەیی مرۆڤ (١٩٥٠)باس لەوە دەکات، کە وێنەی

جەستە تەنیا بونیادێکی مەعریفی نیە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و کارلێککردنیشە لەگەڵ ئەوانی تردا (Grogan,1999;1)

شیلدەر وێنەی جەستەیی پێناسە کرد : وێنەی جەستەی خۆمان کە لە مێشکماندا پێکی دەهێنین لە (١٩٥٠)ە وە توێژەران "وێنەی جەستە" بۆ مەبەستی زۆر شتی جیاواز، لەوانە تێگەیشتنی سەرنجڕاکێشی جەستەی خۆی ، شێوازی قەبارەی جەستە، تێگەیشتن لە هەستەکانی جەستە (فیشەر ، ١٩٩٠) پەیڕەدنی وێنەی جەستە لە خۆ دەگرێت، کە لە بنەڕەتدا لەلایەن شیلدەر دەستنیشان کراوە وەك خەمڵاندنی قەبارەی جەستە (درکپێکردن/ ادراك) وێنەی جەستە واتە شێوازی بینینی تاک لە جەستەی خۆی و هەستکردن بە شێوەی جەستەیی خۆی. تێڕوانینەکانی تاک بۆ کێش و شێوە و ڕەهەندەکانی جەستەی دەگرێتەوە و چۆن ئەم تێڕوانینانە کاریگەرییان لەسەر هەست و ڕەفتارەکانی هەیە(Burrowes,2013:2) .

**ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان لە دروستبوونی وێنەی جەستە هەیە:**

– هۆکاری ڕۆشنبیری: ڕۆڵێکی گەورە لە تێڕوانینی تاك بۆ وێنەی جەستەی دەگێڕێت ، لە هەندێك کەلتوردا باڵا بەرزی و قەبارە گەورەیی ئاماژەیە بۆ هێز و پێگەی باڵا، لە کاتێکدا لە کەلتورێکی تردا ئاماژەدانە بۆ دژە کۆمەڵگەیی لە هەندێکی تردا ئاماژەیە بۆ تەندروستی جەستەو بەجۆرێکە زۆریك لە کەلتورەکان بەرزی باڵاو قەبارەگەورەی بۆ ڕەگەزی نێر پەسەند دەکەن، بەڵام بۆ ڕەگەزی مێ، ئاستێکی ناوەند لە بەرزی و قەبارە گەورەییان پێباشترە(خطاب،2014: 22).

– هۆکاری ڕاگەیاندن: بەشێوەیەکی گشتی وەك تەلەفزیۆن و گۆڤار ڕۆژنامەکان دەگرێتەوە، لۆرێل ویکمان ئاماژەی بەوەدا میدیا هۆکارێکی گرنگە لەهەڵسەنگاندنی تاک بۆ وێنەکەی، لە ژێر ڕۆشنای ئەوەدا کاتی دانانی ڕیکلامە بازرگانییەکان دەکرێتە کاتی نمایش کردنی بەرنامە پڕ بینەرانەکانەوە، ئەو وێنانەی لەسەر بابەتی ڕیکلامەکە دادەنرێت هۆکارێکە بۆخۆلەجێدانان (تقمص)کردنیان لەلایەن تاکەکانەوە(محمد،2022: 48).

**شلەژانەکانی تایبەت بە جەستە:** بە گوێرەی (DSM5) مانوێلی دەستنیشانکردنی نەخۆشی و شلەژانە دەروونییەکان پۆلێنی نەخۆشییە جەستەییەکانی کردووە بۆ ئەمانەی خوارەوە:-

– تێکچون(شێواوی وێنەی جەستە Body Dysmorphic Disorder) جۆرێکە لە شێواوی یان ناتەواوی هەستپێکراوی جەستەیی وەك پەڵە یان تێکچونێکی قەبارەی ئەندامێکی جەستە.

– شلەژانەکانی خواردن(ئەنۆرێکسیا ) لە ئەنۆرێکسادا تاك ترسێکی زۆری لە زیادبوونی کێشی هەیە، تێڕوانینێکی هەیە جەستەی شێواوە و قەڵەوە لە ڕاستیدا کێشی زیاد نییە، تێڕوانینێکی نەرێنی سەبارەت بە جەستەی خۆی هەیە.

– بۆلومیا ئەویش شلەژانێکی خۆراکەو پەیوەندیدارە بە وێنەی جەستە، تاك تێدا لە ڕوی جەستەییەوە دوچاری ئەم گرفتانە دەبێت، دابەزاندنی کێش بەشێوەیەکی زۆر تێکچونی گەدە و ناڕێکبوونی ددانەکان و پشکاوبوونی ڕوخسارو ئاوسانی قاچ و دەستەکان (DSM5,2013, p345).

## ٢.٢ چەمکی گێچەڵی ئەلیکترۆنی :

گێچەڵی ئەلیکترۆنی دیاردەیەکی نوێیە لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا پەیوەندیی نوێ هاتۆتە ئاراوە(عمارة، 2017: 529) و جۆرێکە لە ڕەفتاری شەڕانگێزانە، کە بە چەندین شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت، وەک گێچەڵی زارەکی، گێچەڵی دەرونی ، گێچەڵی سێکسی، بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ( الحيري، 2017: 129)، مامۆستای کەنەدی و چالاکوانی دژە گێچەڵکردن (بیڵ بێلسی بی) وەک یەکەم کەس زاراوەی گێچەڵکردنی ئەلیکترۆنی پێناسە کردووە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری مەبەستدار و دوبارە و دوژمنکارانە لەلایەن تاک یان گروپێکەوە بە ئامانجی ئازاردانی خەڵکانی تر. (حسین،٢٠١٦:٥١).

**گرینگترین تایبەتمەندییەکانی کەسی گێچەڵکار:**

– هەوڵدەدات بۆ کۆنترۆڵکردن و تێکشکاندنی کەسی بەرامبەر(بە ئامانج گیراو).

– هێرشدەکاتە سەر کەرامەت و تواناو لیهاتویی و بەها و پیرۆزییەکانی کەسی گێچەڵپێکراو.

– هیچ سۆزو بەزەییەکی نیشانی قوربانییەکە نادات .

– وا لە ئامانجەکەی دەکات هەست بە تاوان و شەرمەزاری بکات .

– ئامانجەکەی گۆشەگیردەکات و سەری لێدەشێوێنێت.

– بەردەوام ڕەفتاری گێچەڵ بەرامبەر بە کەسانی دەوروبەری دەکات، هەرجارێکیش شێوازی گێچەڵپێکردنی بەهێزتر ئەنجام دەدات.

.( ), P, NO2 Pineda, et al, 202

چۆن کەسێتی گێچەڵپێکراو دەناسرێتەوە؟

بە شێوەیەکی گشتی کەسانی گێچەڵپێکراو پاسیف(ناچالاك)ە ئەم تایبەتمەندیانەیان هەیە:

ڕۆژانە لە خوێندندا گۆشەگیرن ،نەبوونی لیهاتویی کۆمەڵایەتی، زۆرجار لە ڕوی پێکهاتەی جەستەییەوە لاوازن ، زۆر زو دەگرین و خۆیان بۆ گێچەڵکاران بەدەستەوە دەدەن ، هەبوونی کێشەی فێربوون، زۆر هەستیار بوون لە ڕوی سۆزدارییەوە. (Robison,2010, p 2)

**تایبەتمەندییەکانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی:**

بەشێوەیەکی گشتی زەحمەتە کەسی گێچەڵکار لە ئینتەرنێتدا بناسرێت، چونکە لە هەرکاتێکدا بێت دەتوانێت ئەم ڕەفتارە ئەنجام بدات لە ماوەی(24) کاتژمێری شەو ڕۆژدا و بە درێژایی هەفتە(عبید،٢٠٢٠:٣١٢)گێچەڵی ئەلیکترۆنی بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

نە ناسراوی: گێچەڵی ئەلیکترۆنی لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە، یان لە ڕێگەی ئەژمێرێکی ساختەوە ئەنجامدەدرێت، کە وا دەکات بەردەوام بێت لە دوبارە کردنەوەی.

خێرایی: گێچەڵی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی خێرا ئەنجامدەدرێت و دەتوانرێت لە تاکێکەوە ڕوبدات بەرەو گروپێکی گەورە، دەکرێت کۆمەڵێک پەیام و وێنە بە هەمان کات و هاوکات بۆ کۆمەڵێک خەڵک بڵاو بکرێتەوە، کە ڕەنگە زیانی ماددی یان مەعنەویان بۆ دروست بکات.

بەردەوامی: بەهۆی ئەوەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە ژینگەیەکی واقیعیدا ڕونادات و لە ڕێگەی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدەدرێت ، ئەمە وایکردووە توانا بە ئەنجامدەرانی ببەخشێت، تا ئەم ڕەفتارە بەشێوەیەکی بەردەوام لە هەر کاتێکی شەو و ڕۆژدا بێت ئەنجام بدەن .

گەیشتن بەژمارەیەکی زۆر لە خەڵک: گێچەڵی ئەلیکترۆنی کاریگەریی دەرونی و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp155-166

سۆزداری زۆر وێرانکەری لەسەر قوربانیانی ئامانجەکە هەیە ، ئەمەش بەهۆی سروشتی گێچەڵی ئەلکترۆنیەوەیە، کەسی گێچەڵکار بە ئاشکرا وێنە و پەیامە خراپەکان لە ئینتەرنێت بڵاو دەکاتەوە و ئەو پەیام و وێنانە دەتوانرێت لەلایەن کەسانی ترەوە دوبارە بگوێزرێتەوە و ژمارەی بینەران زیاد بکات.

پشت بەستن بە توندوتیژی زارەکی : مەبەستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی زیانگەیاندنە بە کەسانیتر بە بەکارهێنانی وشەی توندوتیژی وەک سوکایەتیپێکردن، یان هەوڵدان بۆ بێبەشکردنی یەکێک لە گروپ و کۆمەڵەیەک (زاید، ٢٠٤٦:٢٠٢٠).

**شێوازەکانی ئەنجامدانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی:**

شێوازی ڕاستەوخۆ: لەمجۆرە شێوازەدا، پەیامە شەڕەنگێزییەکان ڕاستەوخۆ لە کەسی گێچەڵکارەوە دەنێردرێن بۆ قوربانییەکە لە ڕێگەی مۆبایلی تایبەتی قوربانییەکە، یان بە لێدوان و بڵاوکردنەوە لەسەر سایتەکانی هەژماری تایبەتی قوربانییەکە لەسەر ئینتەرنێت (کامل، 2018 :30-29).

لەم ڕێگایانەوە ئەنجامدەدرێت :

1 - بەکارهێنانی مۆبایل بۆ هەڕەشە و سوکایەتی پێکردن.

2 - ناردنی ئەو فایلانەی کە هەڵگری ڤایرۆسن بە شێوەیەکی مەبەستدار .

3 - ناردنی وێنە و ڤیدیۆی شەرمهێن (سێکسی) بەمەبەستی هەڕەشە و هەراسانکردن.

4 - نامەی نوسراو : بەشێوەیەکی گشتی هەڕەشە و ترساندن بە بڵاوکردنەوەی نهێنی و دەستەواژەی سوکایەتی پێکردن دەگرێتەوە.

5 - هەراسانکردن بە ناردنی نامەی هێرشبەرانە و سوکایەتیکردن بە کەسێک لە ڕێگای ئیمێڵەوە.

6 - بەکارهێنانی ئەکاونتی کەسی کەسێک، ناردنی دەنگۆی ناخۆش بۆ هاوڕێکانی.(درويش و الليثي،٢٠١٧ :٢٠٧).

**٢. ٣ توێژینەوەکان تایبەت بە گۆڕاوی وێنای جەستە:**

یەکەم توێژینەوەی(Jonne M Karam, et al, 2023) بە ناونیشانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەوێنەی جەستە، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە زانینی ئاستی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە وێنای جەستە لای خوێندکارانی زانکۆ لە لوبنان، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(292)خوێندکار کە ناوەندی تەمەنیان (22) ساڵ بووە، ئەنجامەکان دەریان خست تا بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاتر بێت تێکچون لە خواردنیش زیاتر دەبێت و دەبێتە هۆی زۆر خۆری کە وێنای جەستە دەشێوێنێت.

دووەم توێژینەوەی (Yolanda Oliva Peña, et al,2019) بە ناونیشانی ڕازیبوون لە وێنای جەستە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لای خوێندکارانی ئامادەیی لە خوێندنگای ئامادەی یۆکتان لە مەکسیك، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیبوو ئایا ڕەگەز و تەمەن پەیوەندی بە ڕازیبوون لە وێنای جەستە هەیە ، نمونەی توێژینەوەکەی بریتیبووە لە (1432) خوێندکاری ئامادەیی ، پێوەرەکانی (BSQ) و (SFS) دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دایك و باوك بەکار هێنران، ئەنجامەکان دەریانخست (66.5%) خوێندکاران لە شێوەی جەستەیان ڕازین و (32.7%) لە شێوەی جەستەیان ڕازی نین، دەرکەوت جیاوازی بەرچاو لە ڕازیبوون لە وێنای جەستە بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز هەیە.

سێیەم توێژینەوەی (د. تهيد عادل فاضل البيرقدار، محمد خالد على نجار، 2019) بە ناونیشانی وێنای جەستە لای خوێندکارانی ئامادەیی، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە پێوانەکردنی ئاستی وێنای جەستەیە لای خوێنکارانی قۆناغی ئامادەیی، وە زانینی ئاستی جیاوازی وێنای جەستە بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز- قۆناغی چوار و پێنج- وێژەیی و زانستی) نمونەی توێژینەوەکە بریتیبوو لە (996) خوێندکار ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبوو لە (العبادی،2018)، دەرکەوت خوێندکاران وێنای جەستەییان لەسەروی ناوەندایە و جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوان ڕەگەزی نێرو مێ لە وێنای جەستەییان بەدیدەکرێت و جیاوازی هەیە بەپێی قۆناغەکانی چوار و پێنج و جیاوازی لە وێنای جەستە بەگوێرەی گۆڕاوی لقی خوێندن وێژەیی و زانستی بەدیدەکرێت.

ڕادەی سود وەرگرتن لەم توێژینەوانەی ئاماژەی پێدراوە تایبەت بە گۆڕاوی وێنەی جەستە: سەبارەت بە توێژینەوەی یەکەم لە ڕوی ناونیشانی توێژینەوەکە و سامپڵی وەرگیراو لە هەردوکیان خوێندکاری زانکۆ وەرگیراوە، بۆ بەراورد کردنی ئەنجامەکەی لە ئامانجی پێنجەمی توێژینەوەکە، توێژینەوەی دووەمیش لە دارشتنی بەشی یەکەم لە ئامانجی دووەم بەراورد کردنی ئەنجامەکانیان و شیکردنەوەیان، هەروەها توێژینەوەی سێیەمیش، لە دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوەکەدا کە هەردو ڕێبازەکە وەصفی هاوپەیوەندین، هەروەها لە شیکردنەوەی ئەنجامەکان تایبەت بە ئامانجی یەکەم.

**٢. ٤ توێژینەوەکان سەبارەت بە گۆڕاوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی:**

یەکەم توێژینەوەی ( Lam, T. N,et al. (2022)بە ناونیشانی خوێندکارانی کۆلێژ و گێچەڵی ئەلیکترۆنی چۆن بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی کاریگەریی لەسەر دڵەڕاوکێیی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری کۆمەڵایەتی هەیە. ئامانجی سەرەکی لە توێژینەوەکە بریتی بووە لە زانینی پەیوەندی نێوان گێچەڵی ئەلیکترۆنی و دڵەڕاوکێیی کۆمەڵایەتی و بەراوردکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژ، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە 486 خوێندکاری بە کالۆریۆس لە باکوری ئۆهایۆ و باشوری تکساس، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست دڵەڕاوکێیی کۆمەڵایەتی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی پەیوەندی لە نێوانیان هەیە ، بەڵام پەیوەندی نەبوو لە نێوان گێچەڵی ئەلیکترۆنی و بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی .

دووەم توێژینەوەی( مەشخەڵ ڕۆستەم حمدامين،2022) بە ناونیشانی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە هۆشیاری خودی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە زانینی پەیوەندی نێوان گێچەڵی ئەلیکترۆنی و هۆشیاری خودی، و زانینی جیاوازی لە نێوانیان بە گوێرەی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز- قۆناغی خوێندن- پسپۆری خوێندن)، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی پەیوەندی بووە، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە(647) خوێندکار لە هەردو ڕەگەز، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتی بوو لە پێوانەی(گێچەڵی ئەلیکترۆنی) کە توێژەر ئامادەی کردبوو، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی زانکۆ بەرزە،هەروەها پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاواز لە نێوان گێچەڵی ئەلیکترۆنی و هۆشیاری خودیدا هەیە.

سێیەم توێژینەوەی(ثناء هاشم محمد،2019) بەناونیشانی ڕاستی دیاردەی گێچەڵی

ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی ناوەندی لە پارێزگای فیوم، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبوو لە زانینی ڕادەی بڵاوبوونەوەی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە ناو خوێندکاران، ڕێبازی توێژینەوەکە وەسفی بوو، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە(259) خوێندکار لە هەردو ڕەگەز، توێژینەوەکە گەیشت بەو ئەنجامەی کە گێچەڵی ئەلیکترۆنی لە ناو خوێندکاران بە ئاستێکی ناوەند بڵاو بۆتەوە .

ڕادەی سود وەرگرتن لەو توێژینەوانەی ئاماژەی بۆ کراوە تایبەت بە گۆڕاوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی: لە توێژینەوەی یەکەمدا ناونیشانەکەی یەکێك لە گۆڕاوەکانی گێچەڵی ئەلیکترۆنییە، سامپڵی توێژینەوەکەی خوێندکارانی کۆلێژە، لە شیکردنەوەی بەشی دووەمی ئامانجی چوارەم سودی لێوەرگیراوە. توێژینەوەی دووەمیش لەڕوی ڕێبازی توێژینەوەکەو نمونەی توێژینەوەکە هەردوکیان لەسەر خوێندکاری هەمان زانکۆن، بەڵام لە دو کاتی جیاواز، لە وەرگرتنی ئامرازی پێوانەکە و لە شیکردنەوەی ئەنجامەکان سودی لێوەرگیراوە. توێژینەوەی سێیەمیش لە ناونیشانی توێژینەوەکە گۆڕاوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی هاوبەشە، شیکردنەوەی ئەنجامەکان بۆ ئامانجی سێیەم کە زانینی ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی بوو لای نمونەی توێژینەوەکان.

## ٣. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

### ٣. ١ ڕێککارەکانی توێژینەوەکە

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران میتۆدی (وەسفی/پەیوەندی) یان بەکارهێناوە، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە دەگونجێت.

**٢-کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگە بە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە پێکدێت لەسەرجەم لایەنەکانی دیاردەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە توێژەر هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە (ملحم،٢٠٠٥: ١٤٩)کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەرجەم خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە لە هەردو ڕەگەزی نێر ومێ، لە (١١٥٠ ) خوێندکار پێکهاتووە دابەش بوون بەسەر حەوت بەش لە فاکەڵتیی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤ ).

**٣-نمونەی توێژینەوەکە:**

توێژەران بەشێوەی هەڕەمەکی سادە لە ڕێگای (google Forms) نمونەی توێژینەوەکەیان بە مشێوەی خوارەوە وەرگرت:

أ- نمونەی جێبەجێکردنی سەرەتایی بۆ دەرهێنانی ڕێژەیی جێگیریی پێوانەی توێژینەوەکە (٤٠) خوێندکار بوو لە زانکۆی کۆیە لە فاکەڵتیی پەروەردە.

ب- نمونەی جێبەجێکردنی کۆتایی بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کە (١٥٠) خوێندکار بوو لە فاکەڵتیی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە وەك لە خشتەی ژمارە(١)دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(١)

نمونەی توێژینەوەکە

| ژ | بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە | ژمارەی نمونە |
|---|---|---|
| 1 | خوێندنی ئاینی | 6 |
| 2 | کوردی | 37 |
| 3 | عەرەبی | 15 |
| 4 | ئینگلیزی | 50 |
| 5 | پەروەردەو دەرونزانی | 34 |
| 6 | مێژو | 5 |
| 7 | جوگرافیا | 3 |
| | کۆی گشتی | 150 |

**٤-ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەستاون بەبەکارهێنانی ئامرازی دوفۆرمی ڕاپرسی وەرگیراوە، بۆمەبەستی پێوانەکردنی وێنەی جەستە پێوانەی (فیض الله،٢٠٢٣)ی بەکارهێنا کە پێکهاتبوو لە (١٨) برگە، هەر برگەیەك(٥) بژاردەی هەیە، کە بەمشێویەیە بوو:(هەمیشە(٥)، زۆرجار(٤)، هەندێجار(٣)، بە دەگمەن (٢)، هەرگیز(١) ، بۆ مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی پێوانەی (حمدامین، ٢٠٢٢)ی بەکارهێنا کە لە (٢٢) برگە پێکهاتبوو،هەر برگەیەك(٥) بژاردەی هەیە، کە بەمشێویەیە بوو:(هەمیشە وا دەکەم (٥)، زۆر جار وا دەکەم (٤)، هەندێجار وا دەکەم (٣)، کەم جار وا دەکەم (٢)، هەرگیز وا ناکەم(١) بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە پێوەرەکەمان توانای پێوانەکردنی گونجاوی هەیە .

**دیاریکردنی ڕاستگۆیی پێوانەکە (Validity ) :**

ڕاستگۆیی بەواتای ئەوە دێت، کە پێوانەکە ئەو شتە پێوانە بکات کە بۆی ئامادەکراوە (الزغلول،٢٠١٢: ٣٣٨)

**أ- ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ( Face Validity) :**

مەبەست لە ڕاستی و دروستی ئەوەیە، کە ئەو تێستە یان پێوانەی کە ئامادەمان کردووە ئەو تواناو خاسیەت و شتە بپێوێ کە بۆمان ئامادە کردووە (قەرەچەتانی ،٢٠١١: ١٠٣) بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاستگۆیی و دڵنیا بوون گونجانی برگەکانی پێوانەکانی وێنەی جەستە و گێچەڵی ئەلیکترۆنی، توێژەران پێوانەی توێژینەوەکەیان پێشکەشی چەند پسپۆڕێکی پەروەردە و دەرونزانی کرد کە ژمارەیان (٣) پسپۆڕ بوو، بە بۆچوونی پسپۆڕان سەرجەم برگەکان وەکو خۆی مانەوە بەبێ گۆڕانکاری .

**ب- جێگیریی پێوانە (Reliability) :**

بەو واتایە دێت، کە ئامرازەکە هەمیشە بتوانێت هەمان ئەنجام بدیهێنێت ئەگەر دوجار بەسەر هەمان گروپدا جێبەجێبکرێتەوە(بۆکانی ،٢٠٢٠: ١٥٦) توێژەران جێگیریان بۆ پێوانەکان دۆزیەوە بە ڕێگای (چونیەکی ناوەکی – الاتساق الداخلي) بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری (ئەلفا کرونباخCronbachs Alpha ) پاش جێبەجێکردنی پێوەرەکە بەسەر نمونەی جێبەجێکردنی سەرەتایی کە (٤٠) خوێندکاری فاکەڵتیی پەروەردە بوون، دەرکەوت ڕێژەیی جێگیریی پێوانەکە بریتی بوو (٠.٨٩) کە ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

**ئامرازە ئامارەییەکان:** سەرجەم ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە بە هەگبەی ئاماریی (Spss) ئەنجامدراون و تیایدا ئەم تەکنیکە ئامارییانە بەکارهاتوون (ئەلفا کرونباخ Cronbachs Alpha) ئامرازی ئاماریی (one sample t test) (Independent Sample T.Test) (One way Anova).

## خستنە ڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :

ئامانجی یەکەم/ بریتییە لە زانینی ئاستی وێنای خودی لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی:

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان) (SPSS) ئامرازی ئاماریی (one sample t test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانی،لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی بریتی بوو لە (55.10) بە لادانی پێوەری (12.91) وە ناوەندی گریمانی (51) بەهای (T) بریتی بوو لە (3.88) لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی(0.001) ، وەك لە خشتەی (٢) دا هاتووە، واتە نمونەی توێژینەوەکە وێنەی جەستەیان لا پەسەندە.

خشتەی ژمارە(٢)

دەرخستنی ئاستی وێنەی جەستە لای نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی

| پێوانە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانی | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەداریی | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنەی جەستە | 149 | 55.10 | 12.91 | 51 | 3.81 | 0.001 | ٠.٠٥ |

توێژەران پێیانوایە بوونی ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نمونەی توێژینەوەکە خوێندکاری زانکۆن، چینێکن هەمیشە بەدوای نمونەی و شێوازی خۆیانەوەن و زۆر جاریش هەوڵدەدەن بە باشترین شێوە خویان دەربخەن لەلای بەرامبەرەکەیان ئەو هۆکارە پێدەچێت کاریگەری لەسەریان هەبوبێت، لەوەی وەڵامی نمونەیی هەڵبژێرن، ئەو ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەی (بیریقدار،2019) یەکدەگرێتەوە، کە ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە نمونەی توێژینەوەکە وێنەیەکی ئەرێنی بەهێزیان سەبارەت بە خۆیان، وە پێچەوانەی توێژینەوەی (بن الحامد و فضل،2017) بوو کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە نمونەی توێژینەوەکە وێنایەکی نەرێنیان هەبوو سەبارەت بەخۆیان.

ئامانجی دووەم/ بریتییە بوو لە زانینی جیاوازی ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنەی جەستە و گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش، تەمەن).

أ- **زانینی ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنای جەستە و گۆڕاوی ڕەگەز:**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی ( Independent Sample T.Test) لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی ئاستی وێنەی جەستە لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە (52.74) بە لادانی پێوەری (13.53)، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (56.42) بە لادانی پێوەری (12,43)، هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (1.68) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.09) بە نمرەی ئازادی (148)، لێرەدا دەردەکەوێت، بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنەی جەستەی بەدیناکرێت هەروەك لە خشتەی (٣) دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(٣)

دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لە ئاستی وێنەی جەستە

| | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداری (sig) | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وێنەی جەستە | نێر | 52 | 52.74 | 13.53 | 148 | 1,68 | 0.09 | 0.05 |

توێژەران ئەو ئەنجامە دەگەڕێننەوە بۆئەوەی خوێندکارانی زانکۆ بەبێ جیاوازی ڕەگەزی سەیری وێنەی جەستەی خۆیان دەکەن، لە ئێستاشدا لە هەمو لایەکەوە کاردەکرێت بۆ نەمانی جیاوازی ڕەگەزی توێژەران پێیانوایە ئەمەش ڕەنگە هۆکارێك بێت و کاریگەریی کردبێتە سەر خوێندکاران لەڕوی ڕەگەزییەوە بەشێوەیەکی یەکسان لە وێنەی خۆیان بڕوانن، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی ( Pena, et al: 2019) ئەنجامەکەی بریتی بوو لە ژنان نەرێنی ترن سەبارەت بە وێنەی جەستەیان بەراورد بە پیاوەکان.

ب- **زانینی ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنەی جەستە و گۆڕاوی کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (One way Anova) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی (1-3)کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بریتییە لە (58.23) بە لادانی پێوەریی (17.10)، و ناوەندی ژمێرەیی لای ئەو خوێندکارانەی (4-6)کاتژمێر تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن بریتییە لە (54.75) بە لادانی پێوەریی (9.73)، ناوەندی ژمێرەیی لای ئەو خوێندکارانەی (7-9)کاتژمێر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن بریتییە (52.37) بە لادانی پێوەریی (12.13)، لای گروپی کۆتا کە سەروی (10) کاتژمێر بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (54.36) بە لادانی پێوەریی (15.51)، دەرکەوت بەهای (F) دەکاتە (1.25) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.29)، واتە هیچ جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئاستی وێنای جەستەی بەدیناکرێت لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە گوێرەی گۆڕاوی کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، هەروەك لە خشتەی (٤) و (٥)دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(٤)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp155-166

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆنمرەکانی ئاستی وێنەی جەستە بە گوێرەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| ژ | کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| .1 | 3-1 | 38 | 58.23 | 17.10 |
| .2 | 6-4 | 69 | 54.75 | 9.73 |
| .3 | 9-7 | 32 | 52.37 | 12.13 |
| .4 | 10 بەرەو سەر | 11 | 54.36 | 12.91 |

خشتەی ژمارە(٥)

جیاوازی لەنێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاستی وێنەی جەستە

| کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداریsig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپەکان | 625.775 | 3 | 208.592 | | | |
| لەناو گروپەکان | 24237.725 | 146 | 166.012 | 1.25 | 0.29 | 0.05 |
| کۆی گشتی | 24863.499 | 149 | | | | |

توێژەران پێیانوایە ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێنەوە هەموویان دوبارەن و وابەستەن بە یەکترییەوە لەبەر ئەوە زۆر مانەوە یان کەم مانەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە لەسەر وێنەی جەستەی دروستناکات ، ئەمڕۆ تاکەکانیش خویان بەوەوە گرتووە لاسایی چەند کەسێك دەکەنەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ناوبانگیان هیە، بەواتا وێنەی ئەو کەسەیان لای خۆیان جێگیر کردووە گۆڕانکارییەکان پەیوەست نیە بەزۆر و کەمی مانەوە لەسەر ئینتەرنێت، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Vornholt,2018) یەکدەگرێتەوە, ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە پەیوەندییەکی لاواز لە کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان و وێنای جەستەی هەبوو ، و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Karam, et al,2023) ئەنجامەکەی دەریخست تا بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بێت وێنای جەستە مۆدێرنتر دەردەکەوێت.

**أ- زانینی ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی لە وێنەی جەستە و گۆڕاوی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە(پسپۆڕی).**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (One way Anova) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی بەشی خوێندنی ئایینی (51.33) بە لادانی پێوەریی (9.99)، و ناوەندی ژمێرەیی لای خوێندکارانی بەشی کوردی بریتییە لە (51.89) بە لادانی پێوەریی (16.63)، ناوەندی ژمێرەیی لای خوێندکارانی بەشی عەرەبی بریتییە (53.53) بە لادانی پێوەریی (9.63)، لای گروپی خوێندکارانی بەشی ئینگلیزی ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (55.18) بە لادانی پێوەریی (9.21)،ناوەندی ژمێرەیی خوێندکارانی بەشی پەروەردەو دەرونزانی (60.35) بەلادانی پێوەریی(13.03)، خوێندکارانی بەشی مێژو کە ناوەندی ژمێرەیی(46.80)بە لادانی پێوەریی (12.27)، لەبەرامبەریشدا گروپی خوێندکارانی جوگرافیا ناوەندی ژمێرەیی(63.00) بەلادانی پێوەریی(20.29)، دەرکەوت بەهای (F) دەکاتە (2.05) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.06)، واتە هیچ جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئاستی وێنەی جەستەی بەدیناکرێت لای خوێندکارانی فاکەڵتی پەروەردە بە گوێرەی گۆڕاوی بەشەکانی فاکەڵتییەکە ، هەروەك لە خشتەی (٦) و (٧) دا هاتووە.

خشتەی (٦)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆنمرەکانی ئاستی وێنەی جەستە بە گوێرەی بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە

| ژ | بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندنی ئاینی | 6 | 51.33 | 9.99 |
| 2 | کوردی | 37 | 51.89 | 16.63 |
| 3 | عەرەبی | 15 | 53.53 | 9.36 |
| 4 | ئینگلیزی | 50 | 55.18 | 9.21 |
| 5 | پەروەردەو دەروونزانی | 34 | 60.35 | 13.3 |
| 6 | مێژوو | 5 | 46.80 | 12.27 |
| 7 | جوگرافیا | 3 | 63.00 | 20.29 |

خشتەی (٧)

جیاوازی لەنێوان بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە بۆ ئاستی وێنەی جەستە

| **بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە** | **کۆی دوجاکان** | **نمرەی ئازاد** | **دوجای ناوەندی ژمێرەیی** | **بەهای (F)** | **ئاستی بەڵگەداریsig** | **ڕێژەی هەڵە** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان | 1972.921 | 6 | 328.820 | 2. | | |
| گروپەکان | | | | 0 | 0.06 | 0.0 |
| لەناو گروپەکان | 22890.578 | 143 | 160.074 | 5 | 2 | 5 |
| کۆی گشتی | 24863.500 | 149 | | 4 | | |

توێژەران پێیانوایە نەبوونی جیاوازی لە وێنەی جەستە بەگوێرەی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو خوێندکاران لە هەلومەرجێکی هاوشێوە دەخوێنن هۆڵەکانی خوێندنیان بەیەك دەچێت و چەند بابەتێکیش لەهەموو بەشەکان هاوبەشە، ئەوەش کاریگەریی کردۆتە سەر وەڵامی نمونەکە و وایکردووە جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی نەبێت.

ئامانجی سێیەم /بریتییە لە زانینی ئاستی گیچەڵی ئەلیکترۆنی لای نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی گشتی: دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی

ئاماریی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) ئامرازی ئاماریی (one sample t test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەی و ناوەندی گریمانی،لە ئەنجامدا دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی بریتی بوو لە (82.18) بە لادانی پێوەری (19.02) وە ناوەندی گریمانی (61) بەهای (T) بریتی بوو لە (12.31) لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی(0.001) ، وەك لە خشتەی (6) دیارە، واتە گیچەڵی ئەلیکترۆنی لای نمونەی توێژینەوەکە بەرزە.

خشتەی ژمارە(٨)

دەرخستنی ئاستی وێنەی جەستە لای نمونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی

| پێوانە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی گریمانی | بەهای تاتی | ئاستی بەڵگەداریی | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گیچەڵی ئەلیکترۆنی | 149 | 82.18 | 19.02 | 61 | 12.31 | 0.001 | 0.05 |

بوونی ئەم ئاستە بەرزە لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی دەگەڕێتەوە بۆ بە ئاسان دەستکەوتنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، دانانی ئەکاونتی ساختە و نەبوونی هیچ سانسۆرێك لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لاوازی هۆشیاری تاك لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، ئەو ئەنجامەش یەککدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (حمدامین،2022)ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە زانینی ئاستی گیچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە، وە پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی (محمد،2019) کە ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوو لە خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی بە ئاستێکی مام ناوەند گیچەڵی ئەلیکترۆنیان هەیە.

ئامانجی چوارەم/ بریتیە لە دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی وگۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز، کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەش).

**أ- بەشی یەکەم لە ئامانجی چوارەم بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز:**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (Independent Sample T.Test) لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی گیچەڵی ئەلیکترۆنی لای ڕەگەزی نێر بریتییە لە (78.51) بە لادانی پێوەریی (20.99)، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (84.27) بە لادانی پێوەریی (17.58)، هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (1.78) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.29) بە نمرەی ئازادی (148)، لێرەدا دەردەکەوێت، بە گوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی بەدیناکرێت، هەروەك لە خشتەی (٧) دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(٧)

دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لە ئاستی گیچەڵی ئەلیکترۆنی

| | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نمرەی ئازاد | بەهای (t) | ئاستی بەڵگەداریی (sig) | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گیچەڵی ئەلیکترۆنی | نێر | 54 | 78.51 | 20.99 | 148 | 1.78 | 0.29 | 0.05 |
| | مێ | 95 | 84.27 | 17.58 | | | | |

ئەوەی لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی بەگوێرەی ڕەگەز لە گیچەڵی ئەلیکترۆنیدا بەدیناکرێت ، توێژەران پێیانوایە بوونی ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەز و بەشێوەیەکی هەماهەنگ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی نێرو مێدا لە لایەن خانەوادەکانەوە، ئەو ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (صبان و اخرون،2020) یەکدەگرێتەوە، کە ئەنجامی توێژینەوەکەی بریتی بوولە نەبوونی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئەنجامدانی گیچەڵی ئەلیکترۆنی بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، وە پێچەوانەی توێژینەوەی (عبید،2020)کە ئەنجامەکەی بۆی دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر زیاتر گیچەڵی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدەن بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

**ب- بەشی دووەم لە ئامانجی چوارەم بریتی بوو لە دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی و گۆڕاوی کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (One way Anova) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی (1-3)کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بریتییە لە (85.42) بە لادانی پێوەریی (17.58)، و ناوەندی ژمێرەیی لای ئەو خوێندکارانەی (4-6)کاتژمێر تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن بریتییە لە (82.62) بە لادانی پێوەری (18.28)، ناوەندی ژمێرەیی لای ئەو خوێندکارانەی (7-9)کاتژمێر بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن بریتییە (80.35) بە لادانی پێوەری (20.63)، لای گروپی کۆتا کە سەروی (10) کاتژمێر بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (73.45) بە لادانی پێوەریی (22.92)، دەرکەوت بەهای (F) دەکاتە (1.25) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.29)، واتە هیچ جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گیچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە گوێرەی گۆڕاوی کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەدیناکرێت ، هەروەك لە خشتەی (٨) و (٩)دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(٨)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆنمرەکانی ئاستی گیچەڵی ئەلیکترۆنی بە گوێرەی کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

| ژ | کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 3-1 | 38 | 85.42 | 17.58 |
| 2 | 6-4 | 69 | 82.62 | 18.28 |
| 3 | 9-7 | 31 | 80.35 | 20.63 |
| 4 | 10 بەرەو سەر | 11 | 73.45 | 22.92 |

**خشتەی ژمارە(٩)**

**جیاوازی لەنێوان کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئاستی وێنەی جەستە**

| کاتژمێری بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری sig | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپەکان | 1353.448 | 3 | 451.149 | | 0.29 | |
| لەناو گروپەکان | 52215.290 | 145 | 360.105 | 1.25 | | 0.05 |
| کۆی گشتی | 53568.738 | 148 | | | | |

توێژەران پێیانوایە ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە کوالێتی ئەو بابەتانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە بابەتی گرنگ نین لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان, بەڵکو هەندێك بابەتی لاوەکییە کە تەنها بەفیڕۆدانی کاتە لای تاکەکان ئەو ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( Roberts, et al,2023) ئەنجامەکەی دەریخست تا مانەوە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بێت گێچەڵی ئەلیکترۆنیش بەرز دەبێت.

ب- بەشی سێیەم لە ئامانجی چوارەم/ کە بریتی بووە زانینی جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە گێچەڵی ئەلیکترۆنی بە گوێرەی گۆڕاوی بەش:

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماریی (One way Anova) دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی بەشی خوێندنی ئاینی (87.00) بە لادانی پێوەریی (17.72)، و ناوەندی ژمێرەیی لای خوێندکارانی بەشی کوردی بریتییە لە (75.05) بە لادانی پێوەریی (21.96)، ناوەندی ژمێرەیی لای خوێندکارانی بەشی عەرەبی بریتییە (82.86) بە لادانی پێوەریی (13.87)، لای گروپی خوێندکارانی بەشی ئینگلیزی ناوەندی ژمێرەیی دەکاتە (83.28) بە لادانی پێوەریی (18.27)،ناوەندی ژمێرەی خوێندکارانی بەشی پەروەردە و دەرونزانی (86.67) بەلادانی پێوەریی(17.62)، خوێندکارانی بەشی مێژو کە ناوەندی ژمێرەیی(82.00)بە لادانی پێوەریی (16.04)، لەبەرامبەریشدا گروپی خوێندکارانی جوگرافیا ناوەندی ژمێرەیی(86.00) بەلادانی پێوەریی(32.04)، دەرکەوت بەهای (F) دەکاتە (1.28) لە ئاستی بەڵگەداریی (0.26)، واتە هیچ جیاوازی بەڵگەداریی ئاماریی لە ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی لای خوێندکارانی فاکەڵتیی پەروەردە بە گوێرەی گۆڕاوی بەشەکانی فاکەڵتییەکە بەدیناکرێت ، هەروەك لە خشتەی (١٠) و (١١) دا هاتووە.

خشتەی ژمارە(١٠)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەریی بۆنمرەکانی ئاستی گێچەڵی ئەلیکترۆنی بە گوێرەی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە

| ژ | بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خوێندنی ئاینی | 6 | 87.00 | 17.72 |
| 2 | کوردی | 36 | 75.05 | 21.96 |
| 3 | عەرەبی | 15 | 82.86 | 13.87 |
| 4 | ئینگلیزی | 50 | 83.28 | 18.27 |
| 5 | پەروەردە و دەرونزانی | 34 | 86.67 | 17.62 |
| 6 | مێژو | 5 | 82.00 | 16.04 |
| 7 | جوگرافیا | 3 | 86.00 | 32.04 |

خشتەی (١١)

جیاوازی لەنێوان بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە بۆ گێچەڵی ئەلیکترۆنی

| بەشەکانی فاکەڵتی پەروەردە | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندی ژمێرەیی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری sigی | ڕێژەی هەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گروپەکان | 2765.594 | 6 | 460.932 | 1.2 | | |
| لەناو گروپەکان | 50803.143 | 142 | 357.769 | 8 | 0.26 | 0.05 |
| کۆی گشتی | 53568.738 | 148 | | | | |

توێژەران پێیانوایە نەبوونی جیاوازی لە گێچەڵی ئەلیکترۆنی بەگوێرەی بەشەکانی فاکەڵتیی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی خوێندکاران لە ڕوی تەمەنەوە لێکنزیکن و هەموشیان لە یەك کەلتورو کۆمەڵگاوە هاتون و پابەندن بە یەك ئاین و کەلتور ئەوەش وایکردووە کە ئەم جیاوازییە بەڵگەداریی ئاماریی نەبێت.

ئامانجی پێنجەم/ زانینی پەیوەندی لە نێوان وێنەی جەستەی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە توێژەران دوای کۆکردنەوەی داتاکان ئامرازی ئاماریی (Spearman Correlation Coefficient) هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمانی بەکارهێنا، چونکە داتاکەمان لە جۆری ناڕاستەوخۆیە (non parametric) بەشێوەی ڕیزبەندییە (ordinal) (Rebekic et al, 2015,47). بۆیە هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمانی بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ئەرێنی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر، دەرکەوت پەیوەندی ئەرێیی بەڵگەداریی ئاماریی لە نێوانیان هەیە، کە بەهای پەیوەندی سپێرمان بریتیی بولە (0.57) لەئاستی بەڵگەداریی ئاماریی (0.001) بو. بەشێوەیەکی گشتی نمونەی توێژینەوەکە ئەوە ڕوندەکاتەوە کە هەرچەندی وێنای جەستە پەسندکراو بێت، گێچەڵی ئەلیکترۆنیش زیاتردەبێت، دەرکەوت پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی ناوەند لە نێوان گێچەڵی ئەلیکترۆنی و وێنای جەستەییداهەیە ، هەروەك لە خشتەی (١٢) داهاتووە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n1y2026.pp155-166

خشتەی (١٢)

دەرخستنی پەیوەندی لەنێوان وێنەی جەستە و گیچەڵی ئەلیکترۆنی

| ژ | گۆڕاو | ژمارەی نمونە | بەهای پەیوەندی سپێرمان | ئاستی بەڵگەداریی Sig 0.05 |
|---|---|---|---|---|
| .1 | وێنەی جەستە | 150 | 0.57 | 0.001 |
| .2 | گیچەڵی ئەلیکترۆنی | | | |

توێژەران پێیانوایە ئەو ئەنجامە بۆ سروشتی نمونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە، خوێندکارانی زانکۆن و تارادەیەک کاریگەریی قۆناغی هەرزەکاری بەسەریانەوە ماوەو گرنگی بە رواڵەت دەدەن و قوڵنابنەوە لە ناوەڕۆک گیچەڵی ئەلیکترۆنیش وەک کاتبەسەر بردن و چێژوەرگرتن دەبینن نەک تاوان، لەبەرئەوە تا وێنەی جەستەیان لا پەسەند بێت ئاستی گیچەڵی ئەلیکترۆنیش لایان بەرز دەبێتەوە، ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەی ( Jonne M Karam, et al, 2023) کە ئەنجامەکەی دەریخست تا گیچەڵی ئەلیکترۆنی زیاتر بێت شێواندن لە وێنەی جەستە زیاتر دەبێت.

## ڕاسپاردەو پێشنیاز:

لە ژێر ڕۆشنای ئەنجامەکاندا چەند ڕاسپاردەیەك بۆ لایەنی پەیوەندیدار دەخرێتە ڕو:

### یەکەم/ ڕاسپاردەکان

1- حکومەت کاربکات بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە بوونی سزای قورس بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری گیچەڵی بەشێوەی ئەلیکترۆنی ئەنجامدەدەن.

2- سەرۆکایەتی زانکۆ یەکەی ڕێنمای و چارەسەری دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی ئەو تاکانەی گرفتی دەروونی یان کۆمەڵایەتییان هەیە سەردانی بکەن و لە وێوە ئاراستە بکرێن.

3- بەشی پەروەردە و دەروونزانی کۆرو سیمینار و مێزگرد ئەنجامبدات لە فاکەڵتییەکانی زانکۆ بەگشتی و فاکەڵتیی پەروەردە بەتایبەتی سەبارەت بە مەترسییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

### دووەم/ پێشنیازەکان :

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە چەند پێشنیازێك بۆ توێژەران دەخرێتە ڕو:

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەهەمان ناونیشان بەمەرجێك نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتبێت لە تەواوی خوێندکارانی زانکۆی کۆیە .

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بە هەمان ناونیشان لە زانکۆ ئەهلی و حکومییەکان و بەراورد کردنی ئەنجامەکانیان بەیەکتر.

3- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەسەر گیچەڵی ئەلیکترۆنی پەیوەندی بە بروانامەی دایك و باوك .

## لیستی سەرچاوەکان:


بۆکانی، سابیر بکر مستەفا(2020) میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، چاپخانە و بڵاوکراوەی چوار چرا، سلێمانی.

قەرەچەتانی، کریم شریف (2011) سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی سێیەم، چاپخانەی سلێمانی.

حمدامین، مەشخەڵ ڕۆستەم(2022) گیچەڵی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە هۆشیاری خودی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە،نامەی ماستەرلە زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، لە پسپۆڕی پەروەردەو دەروونزانی. بڵاوکراوە.

فیض اللە، ژوان ناصر( 2023) هاوسۆزی خود و پەیوەندی بە وێنەی جەستە لای فێرخوازە ئاوارەکانی قوتابخانەکانی شاری کۆیە لەسەردەمی کۆڤید19، نامەی ماستەر لە زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە،لە پسپۆڕی پەروەردەو دەروونزانی. بڵاو کراوە.

أسماء محمد عفيفي محمد(2022) الفروق بين الجنسين في صورة الجسم لدى المصابين بالسكر من النوع الاول من طلاب مرحلة الثانوية لتسجيل درجة الماجستير في التربية، تخصص الصحة النفسية بالنظر للساعات المعتمدة.

بسيوني، سوزان بنت صدقة و الحربي، ملاك بنت علي (2020) التنمر الإلكتروني وعلاقته بالوحدة النفسية لدى طالبات كلية التربية بجامعة أم القرى، *مجلة العلوم التربوية و النفسية*-144 ,(12)4 , 124. https://doi.org/10.26389/AJSRP.M170919

بليعسي، رشيد (2009) اختيار نمط اللباس، الأغلفة النفسية والجسدية،كلية علوم الانسانية، جامعة الجزائر ماجستير غير منشورة.

بن حامد، روميصاء. فضل، كنزة. (2017) صورة الذات لدى الطالبة ذات البشرة السمراء. مذكرة ماستر في علوم التربية تخصص إرشاد وتوجيه. قسم علم النفس.كلية العلوم الإجتماعية والإنسانية. جامعة الواديا https://dspace.univ-eloued.dz/handle/123456789/2503.

البيرقدار، ا.م.د. تهيد عادل فاضل. و الدوي, م.د. اوسم خاليد ذنون(2022) التنمر الالكتروني عبر مواقع التواصل الاجتماعي لدى طلبة اقسام الحاسبات في جامعة الموصل, استرجع من الموقع https://www.researchgate.net/ بالتأريخ 18-3-2024.

حامد،روميصاء، و فضل، كنزة(2017). صورة الذات لدى الطالبة ذات البشرة السمراء دراسة استكشافية بجامعة الشهيد حمه خضر، رسالة ماجستير منشورة، استرجع من الموقع http://dspace.univ-eloued.dz/bitstream/123456789/2503/1 بالتأريخ 20-3-2024.

حسين ، رمضان عشور (2016) البنية العاملية لمقياس التنمر الاكتروني كما الضحية لدى عينة من المراهقين ، قسم صحة النفسية،كلية التربية ، جامعة حلوان ، المجلة عربية لدراسات وبحوث العلوم و الانسانية عدد (4) https://search.shamaa.org/PDF/Articles/EGAjehssr/AjehssrNo4Y2016/Ajehssr_2016-n4_040-085.pdf

درويش و الليثى، د.عمر و محمد , أحمد حسن محمد (2017) فاعلية بيئة التعلم المعرفي سلوكي قائمة على المضلات الاجتماعية في تنمية استرتيجيات مواجهة التنمر الكتروني لطلاب المرحلة الثانوية، كلية التربية ، جامعة علوم التربوية، العدد (4) https://search.shamaa.org/PDF/Articles/EGJes/JesVol25No4P1Y2017/jes_2017-v25-n4-p1_197-264.pdf

رفاعي، د.أحمد محمد و عبدالرحمن، د. أسامة محمد (2020): استخدام المراهقين لمواقع التواصل االجتماعي وإدراكهم ألضرار التنمر االلكتروني. https://mebp.journals.ekb.eg/article_159631_fbbf843dc0b58b754934bfb091e73409.pdf 17/2/2024.

زايد، د. انتصار السيد محمد محمود (2020) التنمر الإلكترونى عبر وسائل الإعلام الرقمى و علاقته بأنماط العنف لدى المراهقين (دراسة ميدانية)قسم الإعلام الترىى،كلية النوعية ، جامعة بنها، مجلة البحوث الإعلامية ، عدد(55) https://journals.ekb.eg/article_124127_1860a5dd51beb36349b919dce6e4c082.pdf

الزغلول ، عماد عبد الرحيم (2012) مبادىء علم النفس التربوي ، دار الكتاب الجامعي ، العين ،االمارات العربية المتحدة.

عبيد، مـــــروة ، مروة عبيد عبد الحليم (2020)الافكار اللاعقلانية وعلاقتها بسلوك التنمر الاكترونى لدى طلبة الجامعة ، الصحة النفسية ، قسم علم النفس التربوى،كلية التربية ، جامعة دمياط رسالة ماجستير غير منشورة https://jsdu.journals.ekb.eg/article_132819_6ddaf1ceb3dd87a6547a64f462ffa843.pdf

فرج، عبد القادر طه. (2005).موسوعة علم النفس والتحليل النفسي. مصر: دار الوفاق لمطباعة والنشر.

فلاح, بن سعيد, & عبد القادر. (2023). واقع التنمر الإلكتروني في المؤسسات التربوية من وجهة نظر تلاميذ الطور الثانوي دراسة ميدانية على عينة من تلاميذ السنة الثالثة ثانوي بمدينة سيدي بلعباس (الجزائر). *مجلة روافد للدراسات و الأبحاث العلمية في العلوم الاجتماعية والإنسانية*, *7*(1), 517-531.

كامل، محمود كامل محمد(2018) التنمر الاكتروني و تقدير الذات لدى عينة من الطلاب المراهقين الصم و ضعاف السمع، رسالة ماجستير، قسم الصحة النفسية ، كلية التربية، جامعة طنطاء.

لحربي، عبدالله بن عبدالمحسن(2016) خطوات العملية لتدريس والتعليم عبر الانترنيت، دار المسيرلمنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الاردن.

محمد. د. ثناء هاشم (2019). واقع الظاهر تمر الاليكترونى لدى طلاب مرحلة الثانوية في محافظة الفيوم وسبل مواجهتها(دراسة الميدانية) استرجع من الموقع https://jfust.journals.ekb.eg/article_83237_4ad256fa7c2ae91fab02a4f341343ec7.pdf

هبة محمد خطاب خطاب(2014)، صورة الجسم وعلاقتها ببعض المتغيرات النفسية والإجتماعية لدى عينة من نساء البدينات في قطاع غزة، مذكرة مكملة لنيل درجة الماجيستير، مقدمة لقسم علم النفس، كلية التربية، الجامعة الإسلامية، غزة .

Akbulut, Y., & Eristi, B. (2011). Cyberbullying and victimization among Turkish university students. Australasian Journal of Educational Technology,27 (7), ,1155 -1170.

Burrowes,N.(2013).Body image –a rapid evidence assessment of the literature A project on behalf of the Government Equalities office.

Cataldo, I., De Luca, I., Giorgetti, V., Cicconcelli, D., Bersani, F. S., Imperatori, C., ... & Corazza, O. (2021). Fitspiration on social media: Body-image and other psychopathological risks among young adults. A narrative review. *Emerging Trends in Drugs, Addictions, and Health*, *1*, 100010.

EDITION, F. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders. *American psychiatric association, Washington, DC*, 345-355. Pineda

Falth, L. et al, (2014): Self-image and reading development: the effect of self-image on reading development among pupils in grade 2, the online journal of counseling and education, Linköping University, th3 edition,P.P 17-34.

Grogan,S.(1999).Body Image : Understanding body dissatisfaction in men , women and children. Taylor & francis e_Library.

Hinduja, S., & Patchin, J. W. (2008). Cyberbullying: An exploratory analysis of factors related to offending and victimization. *Deviant behavior*, *29*(2), 129-156.

Jacob N, Evans R, Scourfield J. The influence of online images on self-harm: A qualitative study of young people aged 16-24. J Adolesc. 2017 Oct;60:140-147. doi: 10.1016/j.adolescence.2017.08.001. Epub 2017 Sep 4. PMID: 28881214; PMCID: PMC5614108.

Karam, J. M., Bouteen, C., Mahmoud, Y., Tur, J. A., & Bouzas, C. (2023). The Relationship between social media use and body image in Lebanese university students. *Nutrients*, *15*(18), 3961.

Lam, T. N., Jensen, D. B., Hovey, J. D., & Roley-Roberts, M. E. (2022). College students and cyberbullying: how social media use affects social anxiety and social comparison. *Heliyon*, *8*(12).

Langos, C. (2012). Cyberbullying: The Challenge to Define .Cyberpsychology, Behavior & Social Networking, 15(6), 285-289. doi: 10.1089/cyber.2011.0588.

Paul F. Schilder, MD Curran, F. J. (1969), and his contributions to adolescent psychiatry. *Bulletin of the New York Academy of Medicine*, *45*(6), 545.

Peña, Y. O., Carvajal, A. S., Luna, M. O., & Bojórquez, R. C. (2019). Gender, and satisfaction of body image in high school students of Yucatan, Mexico. *Psychology*, *10*(01), 30.

Pineda D, Rico-Bordera P, Martínez-Martínez A, Galán M, Piqueras JA. Dark tetrad personality traits also play a role in bullying victimization. Front Psychol. 2022 Oct 14;13:984744. doi: 10.3389/fpsyg.2022.984744. PMID: 36312177; PMCID: PMC9616045.

*Roberts, L. M., Wood, S., Corliss, C., & Anthony, R. (2023).* Exploring online experiences, cyberbullying and wellbeing for young people looked after in Wales: An analysis of the school health research network 2017/18 survey. Developmental Child *Welfare, 5(4), 204-222.*

Robison, K., & Schools, M. P. (2010). Bullies and victims: A primer for parents. *National Association of School Psychologists*.

Vandenbos, C. R, (2015): Dictionary of psychology, second edition, American psychological association, Washington-D. C.

Vornholt, Lara (2018) The relationship between highly visual social media and body image concerns with active versus passive use as a moderating variable